**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**

**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**

**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

**لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**


**تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**

٤

# هیوا

هۆنراوەی:

صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)



# هیوا

هۆنراوەی:

صدێق بۆرەکەیی (صفی زادە)

به‌ناوی خوای مه زن


- هیوا (امید) گلچینی ازاشعار : صدیق صفی زاده (بوره‌که‌یی)
- چاپ اول : ۱۳۶۰
- طرح روی جلد : خانم صولتی
- مونتاژ : سازمان چلیپا
- حروفچینی : کشمیری
- چاپ : چاپخانه فروهر
- تیراژ : ۳۰۰۰ نسخه


- حق چاپ وتقلید محفوظ است

کتابخانه کانون بازنشستگان

# بیروڕای مامۆستا هەژار لە بارەی ئەم نووسراوە وە

کۆمەڵە هەڵبەستی هیوای کاک صدێق بۆرەکەییم خوێندەوە. ئەگەر لێم پرسن چۆنن؟ بە بێ‌هیچ ڕوودەرواسیی‌و خاتر گرتن ئەڵێم:

١ - ئەوی بێ‌سۆو گومانە هەمۆ لەو هەڵبەستانە کێشو پاشڵیان (وزن‌و قافیە) تەواوەو لەم بارەوە تەرازوی مرخی بوێژ سەر ناکاو پارسەنگی ناوی‌و لەنگ‌و لۆری وە بەر چاو نایە.

٢ - کێشەکانی زۆر کوردانەو کوردپەسندە، زۆر چاکی کردوە کەچاکی بەلادا کردوەو دەستی لە کلکی عەرووزی عارەبی‌و ئەوزانی فارسیٚ بەرداوەو کەڵکی لە شتێک وەرگرتوە کە دەگەڵ مرخی گۆرانی بێژانی کوردەواری‌دا زۆر باش دەگونجی‌و زۆربەی هەواکانی کوردستانی وەخۆ دەگرن‌و نامۆیی لە هیچ بەندو باوێکی باو لە ناو زۆربەی گەل ناکەن.

٣ ـ کاک صدیق زمانی کوردیٔ زۆر باش دەزانیٚ ، لە زاراوەو شیٚوە جۆر بە جۆرەکانی گۆرانیٔو موکوریانیٔو بەشەکانی دیکەی سۆرانیٔو لوڕیٔ و کرمانجیٔ شارەزایەو زۆریش دڵاوایە. نیازم وایەنەچوە وەک هیٚندیٚ کەس مەڵبەند پەرستی بکاو بەکلکی تەنیا شیٚوەیەکەوە بنوسیٚو تەنیا بەو بنوسیٚو جگە لە شیٚوەی شارەکەی خۆی کوردیەکانیتر بە غەوارە بزانیٚو خۆیان لیٚ نەبانگا. خۆشم هات کە زۆر وشەی جۆراوجۆری ناو شیٚوە زۆرەکانمانی جیٚکردۆتەوە. ئارەزومە نوسەرانیتریش ئەم بارە ڕەچاو کەن.

بۆرەگلەیی: ئەم بۆرەگلەییەم هەر لە بۆرەکەیی نیە، بگرە لە گەلیٚک بویٚژانی تریشم هەیە. زۆربەی بویٚژان وەختیٚ قافیە ـ یا خۆم گوتەنی: پاشڵیٚکیان وە بەر دڵ دەکەویٚ وا ئەزانن دە پۆرەهەنگیان لە کۆتەرە داریٚکدا دۆزیوەتەوە، بە ئامانو زامان دەستی لیٚ بەرنادەن، ئیتر بەهەر بوزوچریشیکیٚش بیٚ هاوسەنگیکی بۆ پەیدا دەکەنجا با جیٚگە بە مەبەستو ماناش لیٚژکا.

بۆ نمونە: هەر ئەم بویٚژە لاوەی خۆمان وشەی ئەندیٚشەی قۆزیوەتەوە، دەیەویٚ بیکاتە پاشڵی بەیتیٚک. وشەی پیٚشەی کردۆتە هاوسەنگو نیازیش پیٚشەیە کە بە مانا کارە. کە چی پیٚشە واتا ئیٚسک. خۆ ئەگەر بشڵیٚن نارەواش بۆ بویٚژ ڕەوایە. دیسان پیٚم وایە پیشە بە پیٚشە کردن تۆزیک ئیٚسکی گرانە. چەند ویٚنەیەکیتری وەهاشم هاتە بەر چاو. بەڵام وەک گوتم ئەمە تەرزە نەخۆشیەکە زۆربەیبویٚژەکانی پیٚتلاوەتەوە. خوا شفایان بدا.

بە بیرو ڕای من ئەگەر بویٚژ نیازیٚکی لە دڵدایەو بەو پاشڵە بۆی ناخریٚتەسەر قاقەزو بە تەواوی نایەتە درکاندن تەرکاندنی باشترە، هیچ ناقەومیٚ کە بارەکەی بگۆڕیٚو ئەم وشەیە بە یەکیٚکیتر بگۆڕیٚتەوەو خۆی لە تەنگانە ڕزگار بکا.

دووهەمین گازندەم لە هیٚندیٚک دریٚژ دادڕیەکانیەتی. چونکە ئەو هەڵبەستەی کە بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستیٔ بە رانبەر بە دڵبەرەو عارەب

ناویان ناوە (غەزەل). گەرەکە کەمو پوخت بێ – ئەگەر زۆر درێژ کرایەوە، لە لایەکەوە هەستیار دەخاتە ناو گێژی گێژاوێکەوە کە دەرەتانی کەمتر بۆ دەڕەخسێ. لە لایەکی تریشەوە خوێندەوارەکەی یار بێ یا ئەغیار بێ، وەڕەزو جاڕز دەکا.

ئەو هەڵبەستەی کە شایانی درێژەدانە، چیرۆکو داستانە، نەک دواندنی چاو مەستانە. حەز ئەکەم لەمە بەو لاوە ئەم لاوە بوێژە لە هەڵبەستی وەک قەستەمنامەکەی کە مەبەستی سوێندی ئەمەگداریێ بۆ یارە هەڵقرچێنێو درێژە بدا بە هەڵبەستەیڕۆستەمنامەو چیو چی نامەی داستانیێو باستانیێ.

دەڵێن ڕۆژی قیامەت گوناحو چاکەی هەر کەس ئەخەنە ناو تەرازۆی خێرو شەڕانەوە. کام تای نەویێ بۆ ئەوی بۆ حەساو ئەکەنو چاو لەویێتر ئەقوونجێنن. ئەگەر ئێمەش لاسای تەرازۆدارەکەی قیامەت بکەینەوە. هونەرو هەڵەی ناو هەڵبەستەکانی کاکە بۆرەکەیی بخەینەدۆ تاوە، بە بڕوای من تای هونەرەکەی دەنیشێو بە هاسانی هەڵەکانی دادەپۆشێ. بە هومێدم ئەم بوێژەلاوە لەمە بەو لاوە زۆرتر تێبکۆشێو بەزۆێکی زۆ گۆشەیەک لە ئەرکی بەربڵاوی سەرشانی بوێژانی کورد بۆ خۆی تەرخان بکا.

هەژار

تاران – مانگی بانەمەر ١٣٥٨

## پێشەکی

دوازدە ساڵە بووم کە کەڵکەڵەی خوێندنەوەی پەڕاوی کوردیم کەوتبووە سەر. لەو سەردەمەدا کە لە هەرێمی هەوشارا بووین خوێندنەوەی پەڕتووکی کوردی وەکوو: خورشیدو خاوەرو قارەمان‌و قەیتەران‌و وەنەوشو بەزەزاو شیرین‌و شەفێ‌و شەماڵ‌و زەلان‌و ئەم جۆرە پەڕتووکانە باو بوو، وە هەموو شەوێ دۆستان لە دیواخانەکەمانا بۆ شەونشینی لە دەوری یەکا کۆ ئەبوونەوەو ئەو چیرۆکانەیان ئەخوێندەوەو گوێیان بۆ شل ئەکردو منیش وەکوو ئەوان گوێم ئەدایە چیرۆکەکان.

یەکەم نووسراویک کە کەوتە دەستم‌و چێژو چەشکەی هۆنراوم لێ‌وەرگرت کۆمەڵە هەڵبەستەکانی شاکەو مەسوور بوو کە بە زاراوەی گۆرانی هۆنرا بووەوە. پاشان پەڕاوی مەم‌و زین کە بە زاراوەی گۆرانی هۆنرا بووەوە کەوتە دەستم. ئەم پەڕاوەم لەو دەمەدا چەند جار بە وردی خوێندەوەو زۆر گیرۆدەی بووم. داخی گرانم ئەو پەڕاوە نازانم چۆن ون بووو هەر چەند بۆی گەڕام نەمدۆزیەوە.

ڕۆژگار هەڵسووڕاو چووینە بەغداو کەوتینە دەربەدەری، لەوێدا هەر پەڕتووکێ کوردیم دەست کەوتبایە دەمخوێندەوە، بە تایبەت هۆنراوە ئاگرینەکانی حاجی قادرو هەڵبەستە دلڕفێنەکانی کوردیو ناڵیو گۆران دەرگای هۆنراویان بۆم کردەوەو ئیتر کەوتمە هەڵبەست هۆنینەوە.

کە گەڕاینەوە نیشتمانی خۆشەویست، لە هەوشارا خەریکی کۆ کردنەوەی شوێنەواری هۆنەرانی کورد بووم‌و نزیکەی بیست دیوانی کوردی گۆرانیم کەوتە دەست. پاشان کە هاتمە تاران لەپاش ماوەیێک لەگەڵ ڕێبەرانی حەقە یا یارسان‌دا ئاشنایەتیم پەیدا کردو گەلێ پەڕاوی کوردی گۆرانی کۆنم لێ‌یان بە دەست هێنا، وە بە پێی ئەو بەڵگانە بەسەرهات‌و هۆنراوی سێ هەزار بوێژی کۆن‌و تازەی کورد لە سەدەی دووهەم تا سێنزەهەمی کۆچیم کۆ کردەوە کە خوا حەزکات لە داهاتوودا ئەم شوێنەوارانەتان بۆ بڵاو ئەکەمەوە.

باوەکوو خۆم ئەزانم کە ئەم کومەڵە هۆنراوانەی منە بایەخی ئەوەیان‌نیە کە بخرێنە بەرچاوی زانایان‌و گەوهەرناسانی وێژەی بەنرخی کوردەوە، بەڵام لەبەر ئەوە بە کوردی هۆنراونەوەو بۆنی کوردەواری‌یان لێ دێ، ئەو ماوەیەم بە خۆم دا بە کەچو کووریێکەوە کە لە هەموو بارەییێکەوە هەیانە وەکوو شوان بیانکەمە دیارییێکی هاڵەکۆکانە بۆ گەل‌و نیشتمانەکەم. هیوایە دیاری یەکەم لە چاوی لێبووردنەوە تەماشا کرێ‌و وەرگیررێ.

صدێق بۆرەکەیی
تاران — مانگی خاکەلێوە ١٣٥٨

# مەیگێڕنامە


مەیگێڕ سا وەرە دەردم گرانە … تێکە جامێ مەی پەیاپەی گیانە
لە سزای گەردوون رزگارم بکە … بە یەک پەیمانە تۆ چارم بکە
مەیگێڕ تێکە مەی بە دڵێکی پاک … بەرلەوی لاشەم بچێتە ژێر خاک
بدە تا بڵێم بە ئاوازی نەی … کوانێ کەیخەسرەو کوانێ بەزمی کەی
مەیگێڕ پێم بدە جامێ لەو مەیە … کە گەنجی گێتی بۆ جەمو کەیە
پێم بدە تاکوو بە دڵێکی شاد … گێتی بەرمە سەر دڵشادو ئازاد
مەیگێڕ تێکە مەی لە پەیمانەی کەی … کە چەرخ هالە خول هانایە سادەی
تێکە پەیمانە پەیاپەی گیانە … کە دەردی دەروون ئێجگار گرانە
پێمدە هەتاکوو لە گونا پاک بم … مەست بمو ئەوسا گیرۆدەی خاک بم
تاوێ سرنج دە بەم چەرخە کۆنە … بزانە ژینی ئەم چەرخە چۆنە
خۆ ژاری مارە ژینی ئەم ماوە … گێتی تاکوو سەر بۆ کەس نەماوە
هەر ئەو چەرخەیە کە یانە خراو … دیویەتی جەمو شای ئەفراسیاو
هالە کوێ هۆرمز پادشای ساسان … هالە کوێ خەسرەو گراو خاڵخاسان
هالە کوێ بەزمو شکۆی نەوشیروان … دادی ئەو شێرە کەییە حەوت کەیوان
نە تەنیا تاقی کسرای چوو بە باد … کەسیش ناوی ئەو ناهێنێتە یاد
مەیگێڕ سا تێکە مەیێ بێوێنە … جارێکیش جامێ جەمم بو بێنە
جامێکیش تێکە لەو جامی جەمە … خۆ جامی جەمیش بۆ من هەر کەمە
جارێکیش بێنە جامێ ئاورین … گا جامی خەسرەو گا جامی شیرین

سا وەرە مەیگێڕ کە ئەو ئازەرە
پێم بدە جامێ لە بادەی گوڵگوون
پێم بدە جامێ دڵەکەم پەستە
لە جامی باوەڕ ئازا مەستم کە
تێکە پەیاپەی کە من لە گەردوون
سا وەرە گیانە مەیگێڕ ئازاکە
پێم بدە تاکوو وەکوو پاڵەوان
تێکە جامێ مەی تا دوور بم لە دەرد
مەیم پێ بدە تاکوو سەر دەر کەم
مەیێ کە مەغزم زوو بێنێتە جۆش
پێم دە بنۆشم بە یادی مەستان
سا وەرە مەیگێڕ بادە بەهەشتە
هەموو کەوتە داو چەرخەکەی گەردوون
مەیم پێ بدە مەپرسە لە گەنج
دواییت هەر بادە، بنۆشە بادە
من ئەو لاوەمە کە جامم بە دەس
لە کاتی مەستی رازم خۆیایە
لە کاتی مەستی بە ئاوازی نەی
"صدیق" لە کاتی مەستی بێباکە
هەڵکەتی لەکوێیت ئاهەنگێ لێدە
دڵ نەختێ لە داو ئەم سزا دەرکە
تاکوو سەما کەم بەو مەرجە کە تۆ
بەزمی جەم و کەی بێنیتە یادم
ئەم چەرخە بردی جەم و نەوشیروان
کەی تۆ دەمێنی لە دوای فەرەیدوون
ئیتر ئەم چەرخە شادی لە کوێ بوو
ئاپۆرە گێتی یاکوو رۆژیار
چاوەش سا لێدە هەوایێ تازە

زەردەشتی مادی بۆی دەربەدەرە
تا لە دڵ دەرکەین سزاکەی گەردوون
لە جەخزی گەردوون هیچ رامەوەستە
زووکە سا ئیتر مەی‌پەرستم کە
گیرۆدەی داوم بە دڵێ زەبوون
تێکە جامێ‌تر دەردم دەواکە
هەڵمەت بەرمە چەرخ بە تیرو کەوان
با سەر هەڵگرم بوسەر کەژو هەرد
لە دنیای بێفەڕ خۆم دەربەدەر کەم
پەژارەی گێتی بکەم فەرامۆش
تاکوو بکەومە کۆڕ مەی پەرستان
بنواڕە مرۆ خاکە لەم دەشتە
چەرخی گەردوونیش مەست بووە لەهوون
خۆ لە گێتی‌دا هەرچەند بدەی رەنج
خۆ گەنجی گێتی هەمووی بەربادە
هەمیشە لە مەی گوڵگوون دەبم مەس
رازو نیازی ئەم چەرخە وایە
دەڵێم هالە کوێ بەزمی جەم و کەی
دەزانێ سۆزی میوانی خاکە
ئەندامی یاران لە خاکی زێدە
دەردی دەروونم بۆ چارەسەر کە
لێدەی چەند نەواو هەوایێ لە نۆ
چون من لە نەوەو نەژادی مادم
کەی تۆ بە خۆشی دێلێ لە نێوان
ئەبێ بچێژی سزاکەی گەردوون
یەک یەکی یاران لە دەسمان دەرچوو
من دەبێ مەست بم بە دووچاوی یار
گێتی هەر رۆژێ لە سەر یەک رازە

بڵێ که ئێمه لەگەڵ مێمڵ دا      نێوانمان نیه له خاکو گڵ دا
چاوش جارێتر ئاهەنگێ بە دڵ      لێدە بۆ یاران خۆ دەبینە گڵ
خۆ دڵ هەمیشە پڕدەردو قارە      پەژارەی دەروون دوور لە ژمارە
لێدە ئاهەنگێ بە نەی و بە ساز      هانایە هانا دڵ لێت دەکا گاز
سروودێ تازە بە دەمی سازت      بخوێنە گیانە دڵ هالە گازت
پەروێزو جەمشێد لە خۆت بەربارکە      داوای پەیمانەو دیداری یارکە
چاوەش خو ئیتر دڵم سووتاوە      نەی و دەف لێدە تا گیانت ماوە
بەو مەرجە دەروێش بێنیتە سەما      ئیتر ورینگی جارانم نەما
بە چەنگو دەفو بە ساز و بە نەی      هەوایێکی جوان لێدە پەیاپەی
تا دەردو خەفەت دەرچێ لە دەروون      تا کەی بچێژین سزاکەی گەردوون
مەیگێڕ صەد هاوار هانا ساوەرە      جامێ مەی تێکە دەردم لابەرە
نازانم چەرخی نەردی کۆنە ساڵ      تا کەی مافی من هەر ئەکا پاماڵ
خۆ من هەمیشە دڵم پەرۆشە      تەنیا مەیە لە ژیانم خۆشە
سا جامێ تێکە پڕکە پەیاپەی      لەو مەیەی کۆنە بێنە بۆم سادەی
تاکوو پەژارەم لابا ئەو مەیە      ئیتر خەفەتم هەتاکوو کەیە
بزانە یاران نووستوونە لە خاک      گیانە زوو وەرە بێترسو بێباک
مەیم پێ بدە دۆخم مەپرسە      لە چەرخی گەردوون هیچکات مەترسە
مەیێکی کۆنە کە دڵ بکا گەش      خەزێنەی جەمو دارا بکا بەش
مەیێ کە خەسرەو بێنێتە یادم      بڵێم کەلەپوورگری فەرهادم
مەیێ کە دەردی دەروونم لابا      ئەورەنگو تەختو نگینی شابا
چاوەش سا دیسان بەزمێتر بە یاد      جەمشێدو داراو گیوو کەیقوباد
سا زووکە خێرا دەفو سازو نەی      وەکوو بارەبود لێدە هەوای کەی
دڵ نەختێ بێنە دۆخەکەی جاران      خۆ وا تیا چوو بەزمەکەی یاران
زینهارە سا دەی جامێ مەی بە دەس      بێنە بۆم تاکوو نەڕێژم هەرەس
بەڵام بەو مەرجە مەیێکی کۆنە      بزانم داوی ئەم چەرخە چۆنە
مەیێ کە منیش بخاتە بیرت      بزانی گەردوون هالە تەگبیرت
مەیێ بە یاران دروود بنێری      تا رۆژی پەسڵان هەڵسێ نەوێری
مەیێ بۆ "صدیق" ببێتە شادی      مەیێ "بۆرەکە" بخاتە یادی

مەیگێڕ سا پڕکە جامێ‌تر لە نۆ     تاکوو رزگار بم لە دەردو ئەنۆ
پێمدە بنۆشم بە یادی یارم     تا ئاسوودە بم لە رۆژیارم
ئەگەر ماوەیێ رووم لە یارنەبێ     رۆژی رووناکم لە لا تار ئەبێ
خوایا تۆ رۆژی دەری هەموانی     داهێنەر زەوی‌و سروشتی جوانی
بەدی هێنەری ئاسمانی روونی     خاوێن کەرەوەی دڵ‌و دەروونی
بێ‌هاوتاو تاکی‌و هەم بێ هاوبەشی     داهێنەر ئاو و ئاگری گەشی
بیسەری بێ‌گوێ، بینەری بێ‌چاو     نەزاو نەمری بێ خوردو بێ‌خاو
داهێنەر مرۆو گشت گیاندارانی     یارو یاوەری شەو بێدارانی
زیندوو کەرەوەی ئێسکی رزیوی     پەناو پەسیوی کۆرپەی هەتیوی
پەروەردگاری زەوی و ئاسمانی     بەدی هێنەری چەرخ‌و زەمانی
گەورەو مەزن‌و بێ‌باک‌و تەنیای     بەخشندەی سووچ و تاوان‌و گونای
ئەگەر هەر کەسێ سەرپێچیت بکا     سەرئەنجام ئەبێ بە سزای بگا
"صدیق"هومێدو هیوای بە تۆیە     ئەگەر نەیبەخشی دی رەنجەڕۆیە



## کوردستان

کوردستانی جوان زێدی پیرۆزم     نیشتمانەکەم جێی گەڵو هۆزم
تۆ گوڵی هیوای ژیانی منی     ئەتۆ ئارامی گیانی منی
تۆ مایەی هەست‌و مەبەستی‌منی     هەر تۆ سەرچاوەی هەڵبەستی منی
ئەتۆ پەڵو پۆی دڵەکەی منی     هەر تۆی کە تاقە گوڵەکەی منی

تۆ مایەی بیرو کەڵکەڵەی منی
هەر تۆ ڕۆشنایی بێ پەڵەی منی

منیش گراوی هەردو بەردی تۆم
گراوی کەژو بەژو زەردی تۆم

گراوی گوڵو ئەرخەوانتم
گراوی باخو دەشتی جوانتم

تا ماوم ئەمن تۆ دەپەرستم
چونکە هەر ئەتۆی سەرچاوەی هەستم

## قەسەمنامە

قەسەم بە ناڵەی دەمی بەربەیان
کە تەم ئەخاتە تەواوی کەیان

قەسەم بە قاسپەی کەوی نزاران
هاواری دەڕوا بۆ سەر دیاران

قەسەم بە گڤەو هاژەی بای شەماڵ
کە شنەی دەڕوا بەرەو شاخو یاڵ

قەسەم بە ناڵەو هاواری بولبول
کە هەر ناڵەیە شەوو ڕۆژ بۆ گوڵ

بە عەشقی هەزار لە باخان قەسەم
بە جووکەو زروەی ناو شاخان قەسەم

* * *

قەسەم بە سەیلو گرمەی رووباران
کەف چڕێنەکەی هەوەڵ بەهاران

قەسەم بە ئەسری دیدەی ئاسمان
کە هەر شین ئەکا بۆکردەی زەمان

سوێند بە زریوەی هەموو ئەستێران
بە تیشکی خۆرو تەلاری وێران

قەسەم بە ئاوی روونی کانیاوان
خوڕخوڕی لە دەم جۆگەو شەتاوان

بە لەرەی گیاو گرمەی چەم قەسەم
بە هاژەی بەفرو ڕۆژی تەم قەسەم

* * *

قەسەم بە ناڵەی گاپڵو خەمخۆر
دەوێستن لە چۆم روو بە زەردەی خۆر

قەسەم بە تیشکو بە زەردەی هەتاو
کە تیشک ئەخاتە سەر ڕەوەزو کاو

قەسەم بە جەخزی کۆڵکەزێڕینە
کە زەردو سوورو نارنجیو شینە

قەسەم بە هاشەی گەڵای دار لە باخ
بە زروە زروو ناڵە ناڵی شاخ

بە تەمو لێڵیو تاری شەو قەسەم
بە جیکەی مەلو قاسپەی کەو قەسەم

* * *

سوێند بە تریفەو تیشکی مانگەشەو
قەسەم بە ژەوتی کەروێشکو مامز
قەسەم بە قاقاو تریقەی گوڵان
قەسەم بە بازی سمۆرەی سەر دار
بە ناڵەی دەف و سازو نەی قەسەم

لە خۆشی ئەوە دەقاسپێنێ کەو
لەبەر مانگەشەو خۆیان ئەکەن کز
کە شادی دەکەن لە بەریا دڵان
بە هۆهۆی کوندو شەوانی بەهار
بە جامو پیاڵەو ساقیو مەی قەسەم

* * *

قەسەم بە سۆزی زایەڵەی سەمتوور
قەسەم بە خورپەو ناڵە ناڵی دڵ
قەسەم بە ئاهیگراوی دڵپاک
قەسەم بە دیدەی فرمێسکاویئەو
بە بێ ئارامیو سۆز بولبول قەسەم

کە دڵ وێڵ ئەکا بە باڵانی دوور
کە هاواریەتی بە وێنەی بولبول
بە فرمێسکی ئەو سەوزە گوڵ لە خاک
کە هەر جاریە بە رۆژو بە شەو
بە کڵپەو گڕپەو گڕی دڵ قەسەم

* * *

قەسەم بە پیاڵەو جامەکەی ساقی
قەسەم بەبادەی کۆنی چەند ساڵە
قەسەم بە بادەو ساقی و پەیمانە
قەسەم بە مەستان لە حاڵی مەستی
بە جامو پیاڵەی پڕ شەراو قەسەم

کە خۆشی دنیا لەو ژایە باقی
مرۆ مەست ئەکاو دەیخاتە گاڵە
بە نەشئەی مەیو دەردی زەمانە
کە دەرئەکەون لە چاڵی پەستی
بە بادەی کۆنو دڵ خراو قەسەم

* * *

قەسەم بە ئاهو کزەی دڵ داکان
قەسەم بە ئاهی سۆزی لالایە
قەسەم بە ئەسری داکی مێهرەبان
قەسەم بە دیدەی فرمێسکاوی ئەو
بە سۆزو ناڵەو قرچەی داک قەسەم

بە قرچەو ناڵەی گشت تینەت پاکان
کە هەر لالایەو قوربان باڵاید
هەر ئەوە گیانی خۆی ئەکا قوربان
کە لە بەر کۆرپەی ناخەفێ بە شەو
بە کردەی چاکو گیانی پاک قەسەم

* * *

قەسەم بە ذکرو سۆزی دەروێشان
قەسەم بە صەدای دەفی سۆفیان
قەسەم بە نزاو گریانی پیران
قەسەم بە مێهری براو خوشکو باب
بە قرچەو کزەی دڵسووتاو قەسەم

بە ئاهو ناڵەی هەموو دڵژیشان
بە شەو بێداریو لەرزو خۆفیان
بە ناڵەو هانای لە دنیا زویران
بە سۆزی داکو دڵی وەک کەباب
بە دڵی کەیلو پڕ زوخاو قەسەم

* * *

قەسەم بە عەشقە پاکەکەی مەجنوون — کە وێڵ بوو بە هەرد دڵ کەیلوزەبوون
قەسەم بە دەشتە پاکەکەی دوجەیل — کە ئێستاش هاوار دێتە گوێیا لەیل
قەسەم بە چاوی ئەسرباری ئەو — کە تاوێ نەسرەوت چاو بنێتە خەو
قەسەم بە عەشقی لەیلای بە وەفا — شەربەتی ژینی نۆشی بە جەفا
بە دەشتو یاڵو هەرد دوجەیل قەسەم — بە ناڵەو سۆزی دڵی لەیل قەسەم

* * *

قەسەم بە کەژی خەزانو بەهار — کە گا خەفەتو شادییە لە بار
قەسەم بە پەردەی شەوی تارمایی — کە ژینی مرۆ ئەکا بێبایی
قەسەم بە ریزەی گەڵای دارەکان — بە زەردەی خۆرو ناڵەی یارەکان
قەسەم بە چۆڕو کوڕکوڕو هەزار — کە ئەچریکێنن لە دەشتو نزار
بە قاژەی قەلو قیژەی داڵ قەسەم — بە چیای بەرزو هەردو یاڵ قەسەم

* * *

قەسەم بە عەشقە پاکەکەی فەرهاد — بە ناڵەو سۆزو گریانو فەریاد
قەسەم بە رەنجی کێوی بێستوون — کە فەرهاد لەوێ خەڵتان بوو بە هوون
قەسەم بەدارو بنچک ئەو هەردە — کە مرۆ ئێستاش ماتە لەو کردە
قەسەم بە ناڵەی دڵەکەی شیرین — بە عەشقی پاکو زەمانی دێرین
بە دڵی کەیلو ئاگرین قەسەم — بە بێئارامی یای شیرین قەسەم

* * *

قەسەم بە ناڵەی ناکامو هەژار — دڵی ئەتلێتەو لە گۆم خوێنو ژار
قەسەم بە ناڵەو ئەسری لێڵاوی — بەو دڵەی زامو کەیلو کوڵاوی
قەسەم بە نزای هەموو ناکامان — بە لالانەوەی دەروون پڕ زامان
قەسەم بە خێزی ئاخێزی ژستان — بە گیانی پاکی بادەپەرستان
بە گیانی پاکی پێغەمبەر قەسەم — بە فەرمانڕەوای دادگەر قەسەم

* * *

قەسەم بە ئاهو کرەی بێکەسان — بە سۆزو ناڵەی بێفەریادڕەسان
قەسەم بە ئەسری دیدەی شەهیدان — بە بێ ئارامیو هەرسی عەبیدان
قەسەم بە خوێنی کوژراوانی پاک — کە بۆ نیشتمان سەریان نایە خاک
قەسەم بە ترسی پیاوانی خودا — بە بەندەی پاکی لە تەماح جودا
بە خوێنی سووری شەهیدان قەسەم — بە ناڵەی دەفی موریدان قەسەم

* * *

قەسـەم بە هافی ئـادەمو حـەووا
قەسـەم بەو ڕۆژە کە بوون لە بەهەشت
قەسـەم بەو ساتە کە مرگـی لەعیـن
سوێند بە بەزەیـــی پەروەردگـارم
بە بـادەو ساقـیو جامی مەی قەسەم

بەلا تَقنَطُوا مِنْ رَحمَةِالله
لە نـاو بەهەشتـا ئەگەڕان بۆ گەشت
فریویانـی داو کەوتنـە سەرزەمین
کە لە ڕۆژ پەسڵان دەکـا ڕزگـارم
بە نـەوای دەفو سازو نەی قەسەم

* * *

قەسـەم بە دایکی دڵسـۆزم مینـا
قەسـەم بە مێهرو شـەوبێداری ئـەو
قەسـەم بە قرچـەو کـزەی نـاو دڵی
قەسـەم بەو کەسـە هالـە بیر داکـی
بە لایـە لایـەو بیـداری قەسـەم

خزمەت بە دایـکان هالە ئایینا
کە لـە تاو مـنـدا چاوی نەچووە خەو
نەک دڵی بڵێم ئەو پـەڕەی گوڵـی
دایم هالە لای بـارەگـای پاکـی
بە خـوڕەی ئـەسری جۆباری قەسەم

* * *

قەسـەم بە ناڵـەی "صدێق"ی زگـار
قەسـەم بە بابـی جەفاکێشی ئـەو
قەسـەم بە مێهری یـەزدانـی بابم
قەسـەم بە خێـزی دەمـی بەیانی
بە کـزەی دڵی بابو داک قەسـەم

کە هەر ئەچێژێ سەختـی ڕۆژگـار
کە ڕەنج دەکێشـێ بە ڕۆژو بە شـەو
ئەمـن بە هـۆی وی مەستـی شەرابم
کە دەڕوا بـۆ کـار لە ناو کـەیـانی
بە ڕۆژی ئاخێـز لە سـەر خاک قەسەم

* * *

قیبلەکەم قەسەم بە لەشـی نەرمت
قەسـەم بە ڕەشیو ئەفسوونی چاوت
قەسـەم بە بەرزیو بڵندی بـاڵات
قەسـەم بە سیمای گەشی نێو نیگات
بە دوو چاوی ڕەش مامزیت قەسەم
من هەر تۆم دەوێ ڕۆحی شیرینم

قەسـەم بە لەنجەو لەوتی بە شەرمت
بـرژانـگو بـرۆو ئەگریجەی خـاوت
بە لێـوو گۆنـاو ڕوومەتـی ئـاڵات
بە زەردەخەنەی ڕەوتی سەر ڕێـگات
بە لێـوی سـوورو قرمزیـت قەسـەم
خۆشەویستەکەم یـاری دێرینم

* * *

## شیرین دامەچۆ

دەستم دامێنت شیریـــن دامەچۆ
مامــز چاوەکـەی پڕ قینه مەچۆ
بـاڵا لـەولاوو قەد عەرعەر مەچۆ
رووەمەت گەشەکەی مانـگ وێنه مەچۆ
ئەبــرۆ کـەوانـەی چاو ڕەشە مەچۆ
بەژەزاو لالـەی سەرشاخـــان مەچۆ
زوڵـف و ئەگریجەو پەرچەم خاو مەچۆ
مەجنوون کوژەکەی لەیـلا تەرز مەچۆ
بـێ مـروەتـەکـەی بێوەفا مەچۆ
زوڵف چین‌چینی ئاهـوی چین مەچۆ
هەر چەندە ئـەمــن لێ پاڕامەوە
تا ئەسـری دیـدەم بە جارێ بـاری
وتم بە یاران چارێکــم بکـەن
"صدێق" بـە ناڵـە لـێی پاڕایەوە

یارە شەنگەکەی دێریـــن دامەچۆ
گۆنـا ئاڵـەکـەی بێ‌دینــه مەچۆ
گوڵاڵـەسوورەی دەشـتو بەژ مەچۆ
وەرە دڵـەکــەم دەربێنـــە مەچۆ
گەردن مینایـیو توێڵ گەشـە مەچۆ
نێرگـسو شەوبۆی ناوباخـان مەچۆ
دوو لێو سوورەکـەی ئاسکچاو مەچۆ
شۆخو شەنگەکەی باڵا بــەرز مەچۆ
گـوڵ‌رووەمەتەکەی پڕجـەفـا مەچۆ
فـەرهادم فەرهاد هەی شیرین مەچۆ
شیریـن وەڵامی هــەر نـەدامەوە
دەردی گرانـــم لـێ‌بووە کـاری
دەردم کاریـــە بە فریـام بگـەن
شیریـن وەڵامی هــەر نەدایـەوە

* * *

## بەهار

بەهار بوڵبوڵت هــەر ئەناڵێنێ
کانـیو کارێـزت ئـاو هەڵئەقوڵێنـێ
شنــەی شەماڵـت دڵ ئەحەسێنـێ
بەهار چریــوەو جووکــەی مەلانت
خوڕەی جۆگـــانو چــرِوەی دارانت
زیقـەی زیقاوڵــەو قیـــژەی داڵانت
بەهار دیمـەنو ئاسمانـی شینـــت
چیمـەنـی سـەوزو گوڵـی نەسرینت
هـاژەی بەفـراوی رووی سـەرزەوینت
بەهار بولبوڵـت ئـاواز ئەخوێنـــێ
سۆسـەنو لالەت هەر خۆی ئەنوێنێ

گوڵیشـت لە باخ دێ خۆی ئەنوێنێ
دیمەنـی جوانـت دڵ ئەگەشێنـێ
جروەی مەلیشـت دڵ ئەبزوێنـــێ
هـاژەی چۆمانو قـاژەی قەلانـت
سـروەی شـەماڵو قاسپـەی کەوانـت
مرۆ دێنێتـە بـەزمو سـەیرانـت
لالـەو وەنـەوشـەی جوانو رەنگینت
قڵـەی هەڵقوڵان ئـاو هەڵقوڵێنت
جوانی ئەداتە وێنــەی شیرینـت
مەلانـت لە سـەرچڵ ئـەجـوکێنێ
قـڕاکەت لـە هەرد هـەر ئەقیژێنێ

گیاو دەوەنت با ئەیشەکێنێ
بەهار دیمەنت جوان‌و ڕەنگینە
ئاوی کاریزو کانیت شیرینە
ئەمانە هەمووی بۆ من ئەوینە
بەهار منداڵان وەکوو پوورەی هەنگ
جووان‌و پیرو کیژی شۆخ‌و شەنگ
بە چەپڵەڕێزان بە قریوەو دەنگ
بەهارو گوڵ‌و دیمەنی جوانی
جریوەو جووکەی دەستەی مەلانی
خۆشە لای کەسێ خۆش بێ ژیانی
نەک وەکوو "صدێق "لە دووری یاران
دڵیشی پڕ بێ لە پەژارەو دەرد

ئەمانە هەموو دڵ ئەجوولێنێ
بەرگت وەنەوشەو لالەو نەسرینە
وێنەی دارانت دیسانەو شینە
بەهار وێنەی تۆ سەرمایەی ژینە
دەڕۆن بۆ باخ‌و سارا بە ئاهەنگ
دەڕۆن بە دەستە فرسەنگ بە فرسەنگ
بە پێ کەنینەو دەچن بە بێ نەنگ
نێرگس‌و لالەو دەبدەبەی ژوانی
قیژەی قژاکەو قلۆەی قەلانی
خەم بداتە با ئەو لە کەیانی
ئەسرین بڕێژێ بە وێنەی باران
دیل بێ بەدەستی کەردوونی چەپگەرد

## شەماڵ

شەماڵ کە هاتی دڵبەرت نەدی
تیشکی بینایی دوو چاوت نەدی
باڵندەی هەردو کێوانت نەدی
ئەتۆ تاوسی باخانت نەدی
تۆ باڵابەرزی شۆخ ئاسات نەدی
بەژەزای کەنار شەتاوت نەدی
دوو چاوی ڕەشی دڵدارت نەدی
ئەگریجەی ڕەشی شێواوت نەدی
دوولێوی سووری وەک گوڵت نەدی
ڕوومەتی گەشی گوڵنارت نەدی
شێوەی ئەو لەیلا تەرزەتە نەدی
شەماڵ دەخیلتم دڵبەرم ئەو ڕۆ
نەهاتە لای تۆ بپرسێ حاڵم
نەهاتە لای تۆ ئەو شۆخ‌و شەنگە
وەبزانم شەماڵ ئەو بێ وەفایە
هیچ بەزەی نایە بە حاڵی گراو
یا خوا هەمیشە لە ژین بێزار بێ

تۆ شێوەی باڵا عەرعەرت نەدی
دەوای پەژارەو زوخاوت نەدی
گوڵاڵەسوورەی شێوانت نەدی
مامزی بێشەو شاخانت نەدی
تۆ ڕوومەت گوڵی بێ‌وەفات نەدی
سۆسەن‌و شەوبۆی گۆڵاوت نەدی
دوو کولمی ئاڵی وەک نارت نەدی
دوو شیری برۆی بان چاوت نەدی
مەرهەمی دەردی ناو دڵت نەدی
جووتە مەمکۆڵەی هەنارت نەدی
قەدی ئەو باڵا بەرزەتە نەدی
کاتێ ئەهاتی نەهاتە لای تۆ
بزانێ بۆچی شەوگار ئەناڵم
بزانێ بۆچی دڵم وا تەنگە
دڵداری لە لا دەردو جەفایە
دڵی ئەکاتە هێلانەی زوخاو
بە وێنەی "صدێق" هەر گرفتار بێ

# کیژۆڵەی لادێ

ئەی کەنیشکەکەی سەر دوو گۆنا ئاڵ
هەر چەندە هەر دوو چاوانت کاڵە

بە جادووی چاوت دڵ ئەخەیتە یاڵ
لێوت وێنەی گوڵ ناسکو ئاڵە



ئەگریجەو برۆو پەرچەمت رەشە
دەمت بوچکۆلو گوڵاڵە تەرزە

روومەتو توێڵت رووناکو گەشە
قەدت باریکو ئەندامت بەرزە

بەڵام ئەی کیژی سەر دوو گۆنا ئاڵ
خۆ لەنجەو لارت بەوێنەی کەوە
شا شۆخی لادێ کیژۆڵەی نازار
تۆ گوڵو لالەی ئەم هەردو شێوەی
بۆیە هەر ساتێ دەربچیت لە ماڵ
بەوێنەی مامز روو ئەکەیتە دەشت
بەڵام شۆخەکەی سەر دوو گۆنا ئاڵ
من دەربایس نیم رێبوارم ئەڕۆم
داخۆ ئەو کەسەی ئەتبینێ هەردەم
چۆن وەکوو "صدێق" ناکەوێتە یاڵ

گیانت لێ‌سەندم بە دوو چاوی کاڵ
رووەتی جوانت وەک مانگەشەوە
کەم بە رەوتەکەت دڵم بە ئازار
تۆ کارمامزی ئەم دەشتو کێوەی
سرنج ئەدەیتە شاخو هەردو یاڵ
بە چەشنی کوڕکوڕ ئەکەویتە گەشت
بە ساتێ دڵمت کردە کۆی زوخاڵ
بۆ ساتێ خەمو پەژارەت ناخۆم
چۆن ئارام ئەگرێو ناسووتێ وەک شەم
دەروونی نابێ بە کۆگای زوخاڵ

## بای‌شەماڵ

شەماڵ فداتبم وەک جاری جاران
بچۆرە لای ئەو ئەگریجە خاوە
بچۆرە لای ئەو ناوچەوان گەشە
بچۆرە دیاری ئەو باڵا بەرزە
بچۆرە لای ئەو کەژاڵە چاوە
شەماڵ خۆ خۆتیش ئەزانی دەردم
خۆ خۆت ئەزانی چەندە خەمبارم
خۆ خۆت ئەزانی چۆن سەرگەردانم
خۆ خۆت ئەزانی صەبرم نەماوە
خۆ خۆت ئەزانی زامم ناسۆرە
خۆ خۆت ئەزانی دایم رەنگ‌زەردم
خۆ خۆت ئەزانی پێکاو تیری کێم
خۆ خۆت ئەزانی پشکۆی زوخاڵم
دەخیلتم بڕۆ بۆ ماوای دڵبەر
چونکە ئەمەوێ بزانم حاڵی
ببینم لێوی ببینم چاوی
ببینم لێموی تەڕو نەوڕەسی
شەماڵ بڵێ پێی "صدێق" غەمینە
بۆچی ناپرسی حاڵ ئەو هەژارە

بچۆرە لای یار وەک دەردە داران
کە قەدی وێنەی لقی لەولاوە
کە وا پەرچەمو زوڵفەکەی رەشە
کە شۆخو شەنگو گوڵاڵە تەرزە
کە تیری غەمزەی لە جەرگم داوە
کە من هەمیشە هەناسە سەردم
بە دەردێ گران گیرۆدەی یارم
خۆ خۆت ئەزانی وێڵی هەردانم
خوردو خۆراکم خەمو زوخاوە
خەم رووم تێ‌ئەکات هەردەم بە نۆرە
دوچاری غەمو مەینەتو دەردم
چاکیش ئەزانی من یەخسیری کێم
شەو تا بەیانی بۆ ئەو ئەناڵم
دەردی گرانمی بۆ بڵێ یەکسەر
ئەمن جارێتر ببینم خاڵی
ببینم زوڵفو ئەگریجەی خاوی
ببینم قەدو نێونیگای مەسی
چاوانی هەردەم پڕ لە ئەسرینە
کە وا ئەخنکێ لە زێی پەژارە

# هیوا

هیوایە ڕێگاو شەقامی ژینە
نابینی کە وا باخەوانی گوڵ
ڕۆژی لێ ئەڕواو ئەگەیێتە شەو
شەوو ڕۆژ ئەمەی کارو پێشەیە
بە هیوای ئەوە خۆی ئەڕەنجێنێ

بێ‌هیوا ژیان هەمیشە شینە
گوڵان ئاو ئەدا هەمیشە بە دڵ
هەندێ جار چاوی هەر ناچێتە خەو
بۆ چەپکە گوڵێ هەر ئەندێشەیە
تا لەباوەش ژین خۆی بگونجێنێ

* * *

نابینی بولبول هەمیشە لەباخ
ئارامی نیە بە ڕۆژ تا بەشەو
ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ ئەفڕێ‌و ناسرەوێ
بە هیوای ئەوە بگاتە گوڵێ

هەر ئەناڵێنێ بە صەد ئاخ‌و داخ
ئاواز ئەخوێنێ بێ خۆراک‌و خەو
چونکە ئارامی ژیانی ئەوێ
تا دابمرکێ هاڵاوی دڵی

* * *

نابینی ڕاوچی بە شوێنی ڕاوێ
ئەچێتە کەژو ڕووبارو بێشە
ژینی بەم چەشنە وەها نابارە
بە هیوای ئەوە خۆی ماندوو ئەکا

ئەسووڕێتەوەو ناسرەوێ تاوێ
بۆ نەچیرێ خۆی ئەخاتە کێشە
بە ئەم ژیانە گەلێ بەربارە
تاکوو بە ئومێد ژیانی بگا

* * *

نابینی ماسی‌گرێکی وریا
بەیانی هەتا دەمی خۆرئاوا
هێز ئەداتە خۆی بە هێزی گیانی
بە هیوای ئەوە دەریا تەی ئەکا

ئەچێتە کەنار ڕووبارو دەریا
هالە نێوانی شەپۆلی ئاوا
بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگەی ژیانی
تاکوو بە ئامانج ژیانی بگا

* * *

ئاسنگەری پیر لە بەردەم کوورە
خۆی ماندوو ئەکا نە ڕۆژیکەو دوان
بە هیوای ئەوە خۆی ئەسووتێنێ
دە هەر هیوایە ئارامی گیانە
هیوایە ڕێگای سەرکەوتی ژینە
شیرو قەڵخانی کۆمەڵ‌و هۆزە
"صدێق" بێ‌هیوا ژیان ناخۆشە

ملانەی لەگەڵ ئاگری سوورە
بۆ پێش‌خستنی دەبدەبەی ژیان
تا بەچکەکانی خۆی چاک بژینێ
خۆراک‌و تۆشەی ڕێگەی ژیانە
دەرمانی ئێش‌و دەردو برینە
ڕووناکە وێنەی شەمی ئەفرۆزە
گۆڕستانێکی کپ‌و خامۆشە



## ناڵەی شەو

ئای ئای گولاوە برینم ئیمشەو — پەی پەی هاژەی تێ ئەسرینم ئیمشەو
پزیشک هالە کوێ بێتە لام ئیمشەو — دەردەکەی ئەییووب کەوتە لام ئیمشەو
بە وێنەی گۆین بیدارم ئیمشەو — لە ژینی گێتی بیزارم ئیمشەو
بە وێنەی یووسف لە چاڵم ئیمشەو — بۆ یای زلێخا ئەناڵم ئیمشەو
بە وێنەی فەرهاد بێچارەم ئیمشەو — وەکوو قەیسی نەجد ئاوارەم ئیمشەو
بە وێنەی وامق لە داوم ئیمشەو — بۆ قەدی عوزرا نەماوم ئیمشەو
بە وێنەی خەزان رەنگ‌زەردم ئیمشەو — هیچکەس نازانێ هۆی دەردم ئیمشەو
مەردوم بێزارە لە ناڵەم ئیمشەو — ناڵەی من کەوتە ناو عاڵەم ئیمشەو
وێنەی پەپوولە لە تاوم ئمیشەو — بە دەوری شەما سووتاوم ئیمشەو
دڵو دەروونم وەک کوورە ئیمشەو — گڕەی تێ وێنەی کۆی توورە ئیمشەو
دەردی کاریمە بە تەنیا ئیمشەو — عومرم نەماوە لە دونیا ئیمشەو
ڕێگەم تا مەڵبەند زۆر دوورە ئیمشەو — ئەو ڕێگە تارو بێ نوورە ئیمشەو
زوو کەن سا مەلام بۆ بێنن ئیمشەو — سوورەی یاسینم بخوێنن ئیمشەو
ئەی خوا سا "صدێق" دڵشادکە ئیمشەو — لەم خەم خانەیەی ئازادکە ئیمشەو

## بەهار

مژدە بێ وا بەهاری نۆ — سروەی شەماڵی کەوتە کۆ
لەڕەی گیا بزەی چنوور — ئەبینرێ لە نزیکو دوور
چۆڕچۆڕەی بەفری سەر نزار — لەگەڵ ناڵەی مەلو هەزار
لالەو نیلووفەرو پێچک — گوڵالەو سۆسەنو بنچک
گەڵای درەخت بە جارێ گشت — پشکووت بۆ دیمەنی سروشت

رەهێڵەی بارانی بەهار
کە دائەگرێ زەوی و رووبار

لافاو هەڵئەستێنێ لە چەم
بەفر ئەتوێتەوە هەر دەم

خوژەی جۆگەو هاژەی شەتاو
تیشکی روونی جوانی هەتاو

ئاوی شینی چەم و رووبار
دیمەنی جوان دێنێتە بار

قاسپە قاسپی کەوی هەردان
چریکەی بولبولی زەردان

جووکەو جریوەی پەلەوەر
ترفەی مانگ و پرشنگی خوەر

گوڵی باخ لە یەک تا هەزار
ئەژەوێنێ خەفەت و قار

پێچی لەولاو بە دەوری دار
بەرز ئەبێتەو لە لالەزار

گیواو دەوەن هەموو سەرپاک
راپەڕین لە رووومەتی خاک

وەرزی بەهار مانگی نەورۆز
گەشانەوە بۆ گەل و هۆز

لە باخی شین لە دەشتی چۆڵ
لاوو کچی زۆر نەرم و نۆڵ

لەگەڵ ژن و پیری فەرتووت
دەست ئەگرنە یەکەو بە جووت

کۆرپە کچان چەڵەنگ و مەنگ
ئەڕۆن بۆ سەیران و جەفەنگ

لە قەراخی گۆلاوو چۆم
پیاوو ژنی واڵا و کۆم

بە شادیوە رائەبوێرن
نفرین بۆ زۆردار ئەنێرن

لە سەیرانگەی شارا هەموو
دێنە سەیرو گەشت دوو بە دوو

کۆ ئەبنەوە لە دەوری باخ
بە با ئەدن پەژارەو داخ

چاوەش بە زوڕناو بە دەهۆڵ
گا مەیموونی ئەگرێتە کۆڵ

ئەدا لە دەهۆڵ و زوڕنا
بە هێمنی زۆر لە گوڕنا

لاوو کچ و پیاوی رەبەن
بە بەزمەوە شادی ئەکەن

هەمو دەسیان ئەگرنە یەک
بۆ هەڵپەڕینی رەشبەڵەک

پیاوو ژن و کەنیشک و گەنج
چۆپی ئەگرن بێ ئەرک و رەنج

خرینگەی خڕخاڵی کچان
ترپەترپی پێی بێ وچان

فیکەو هۆڕی زوڕناو دەهۆڵ
دائەگرێ کەژو دەشت و چۆڵ

پیرەمیرد لە داخی پیر بوون
ئەڕوانێتە ئاسمانی روون

سەر خول ئەدا بە تویڵێ گرژ
تا لە قلیان ئەدا چەند مژ

دێتە بیری کە لە جوانی
پیشەی خۆی بو چاوەڕوانی

هیچێ ناڵێ بە چەند مزێ
وەرهەم لە دڵا ئەکوژێ

ئینجا هەموو بە بەزمەوە
شادی ئەکەن بە نەزمەوە

وەرزی بەهار جەژنی نەورۆز
بە یەکتری ئەڵێن پیرۆز

خەم و خەفەت ئەدەنە با
تا شەو رۆژی روناک ئەبا

"صدێق" بە هۆی جەژنی نەورۆز
پیرۆزبایی ئەڵێ بە هۆز

# سێزده‌به‌ده‌ر

ڕۆژی سێزده‌ی مانگی نه‌وڕۆز
له‌گه‌ڵ لاوو کیژی چه‌ڵه‌نگ
بۆ سه‌یرانی باخ‌و گوڵزار
کیژی شه‌نگ‌و لاوی جووان
جلی زه‌ردو سوورو نه‌خشین
شۆڕه لاوی زیره‌ک‌و زیت
له سروشتی به‌هاری جوان
ژن‌و کیژۆڵه‌ی شۆخ‌و شه‌نگ
لفکه‌ی کراس‌و ده‌سماڵان
سروه‌ی شه‌ماڵ کاتێ هه‌ڵکا
بۆنی سمڵ و مێخه‌ک به‌ندان
ئیتر گۆوه‌ندو سه‌یرانه
ئه‌ڕۆن بۆ باخ به جه‌ماوه‌ر
له بن داری چنارو په‌ڵک
دووکه‌ڵ قلیان وه‌ک هه‌وری ڕه‌ش
گۆشتی برژاو هێلکه‌ی کوڵاو
له‌گه‌ڵ باده‌و شه‌رابی کۆن
ده‌لووو چاوه‌ش له هه‌ر شوێنێ
په‌له‌وه‌ری هه‌زار جۆره
کیژو کوڕ ده‌گه‌ڵ پیاوو ژن
به‌ره‌و که‌نار چه‌م‌و شه‌تاو
به‌رد فڕ ئه‌ده‌ن بۆ ئاوی چه‌م
ئیتر ڕۆژی سێزده به‌ده‌ر
ئێواره به ماڵ‌ئاوایی

پیاوو ژن‌و پیری ئاڵۆز
به‌گه‌ڵ ده‌ڕۆن وه‌ک پووره هه‌نگ
هه‌ندێ ئه‌ڕۆن بۆ سه‌ر نزار
پێکه‌ئه‌گه‌نه شوێنی ژووان
له‌به‌رئه‌که‌ن له سه‌وزو شین
پانتۆڵی ته‌نگ کاکۆڵی قیت
ئه‌سووڕێته‌و به چاوه‌ڕوان
کوڵکه‌زێڕینه‌ن به حه‌و ڕه‌نگ
دڵی لاو ئه‌به‌ن به تاڵان
بۆن‌و به‌رامه تێکه‌ڵکا
بۆی خۆشی خۆشیان صه‌د چه‌ندان
دڵ له سه‌یران‌دا حه‌یرانه
ئه‌به‌ن قۆری‌و چاو سه‌ماوه‌ر
گه‌ل ئه‌به‌ستن به ده‌وره خه‌ڵک
به‌رز ئه‌بێته ئاسمانی گه‌ش
میوه‌ی زه‌ردو سووری بڵاو
ئه‌خۆنه‌وه . و بۆ گه‌شت ئه‌ڕۆن
به‌زمێ بۆ خه‌ڵک زوو پێک دێنێ
ئه‌جریوێنن هه‌ر به نۆره
له ناو شینکه‌ی چه‌مه‌ن ده‌چن
ئه‌ڕۆن له به‌ر تیشکی هه‌تاو
تاکوو سێزده بێ‌زیادو که‌م
په‌ژاره‌ی پار ئه‌که‌نه ده‌ر
دێنه‌وه به‌ره‌و ئاوایی

# مانگ

ئەی مانگ کاتێ ئەتبینم    هاژە ئەکا ئەسرینم
دێتە دڵم دەردو خەم    شادیم ئەبێتە وەرهەم



کۆتری دڵم رائەکا    تا بە دڵداری بگا
ئەو دڵدارەی کە جوانە    ئەگەشێتەو شەوانە
تاقە گوڵی ناو خێڵە    وێنەی تۆی لە تەوێڵە

قژو ئەگریجەی خاوە
کوڵمی وەکوو گوڵاڵە
بۆیە دڵم هەر وێڵە
ئەو دڵە ماڵ وێرانەم
هەر من بە هۆی دڵەکەم
بۆیە کاتێ ئەتبینم

ئەو یارە بەڵەک چاوە
ئەدرەوشێتەوە ئاڵە
ئەڕواتە ناو ئەو خێڵە
بووە هۆی پەندو تانەم
ئەی مانگ هانات لێ ئەکەم
هاژە ئەکا ئەسرینم

* * *

ئەوا تاریکە شەوە
بە دڵێ ناکامەوە
سەیرکە چون ئاهم بەرزە
تا کەی بچێژم ستەم
دڵم ژیر نابێتەوە
ئەو یارە باڵا بەرزە
ئەو یارە قەد شمشاڵە
تا من بمو ئەم حاڵە
ئەی مانگ وێنەی ئەو یارە
کاتێ گەیشتیتە لای
ئەوسا بڵێ بە یارم
بەشکوو دڵم بسرەوێ
بۆیە کاتێ ئەتبینم

ئەی مانگ بە فریام کەوە
خەفەت هاتە لامەوە
ناڵەم لە هەزار تەرزە
بەرز بێ هاڵاوی جەستەم
مەگەر یارم بێتەوە
کە دڵمی خستە لەرزە
منی خستە ئەم حاڵە
ئیتر چۆن نەکەم ناڵە
لە روومەتی تۆ دیارە
تساوێ سرنج دە باڵای
کە بێتەوە دیارم
تا لە جێی خۆی داکەوێ
هاژە ئەکا ئەسرینم

* * *

چونکە دڵم وەک قومری
ئەچێتە باخ و بێشە
کاتێ گوڵێ ئەبینێ
ئەفڕێ و ئەنیشێتەوە
جار جار بە وێنەی مەجنوون
هەر بە شین و واوەیلا
فرمێسکی هەڵئەڕێژێ
هیچ بە خۆی نادا دەرفەت
هەر تۆ ئەبینێ شادە
ئەی مانگ دەستم داوێنت

هەر ئەناڵێنێ و ئەگری
خۆی ئەخاتە ئەندێشە
لەوێدا خۆی ئەنوێنێ
گا گا ئەگەشێتەوە
کەیلی پەژارەو زەبوون
هاوار ئەکا یا لەیلا
سوێراوی چەم ئەچێژێ
ئەچێتە گۆمی خەفەت
کە تۆ رۆییت بەربادە
پێم بڵێ تو خوا شوێنت

چونکە یارم وەک تۆیە — بە بێ ئەو ژینم رۆیە
بۆیە کاتێ ئەتبینم — هاژە ئەکا ئەسرینم

* * *

ئەی مانگ بڵێ پێم توخوا — چۆن تۆ شەوت لێ ئەڕوا
بۆچ هەمیشە رەنگ زەردی — دیارە وەک من هاودەردی
بە وێنەی من بێزێدی — کاتێ ئەڕۆی بە هێدی
ئەگەر جارێ بە هەڵکەوت — چاوت بە یارەکەم کەوت
بڵێ پێ ئەی نازەنین — لاوێ هالە ناخ زەویین
پیشەی ناڵەو گرینە — چاوی پڕ لە ئەسرینە
ئەناڵێنێ وەک قومری — بە ناڵینەوە ئەگری
هالە دەریای ئەندێشە — ناڵەی کردووەتە پێشە
هەر دەم وێڵی کێوانە — ئەڕوا وێنەی دێوانە
خۆتی لێبکە بە مەرهەم — "صدیق" دەرکە لە وەرهەم
چونکە کاتێ ئەمبینێ — هەر وازم لێناهێنێ
دێتە پیریمەوە ئەو — وامە پێ ئەڵێ هەر شەو
ئەی مانگ کاتێ ئەتبینم — هاژە ئەکا ئەسرینم

## گوڵی نێرگز

گول نیرگز

کوڕ: بڕوانە تاقە گوڵم — هیواو ئاواتی دڵم
گوێ بگرە لەو هەرایە — کە شادی لە بەرایە
گوێ بگرە دەنگ شمشاڵە — بەزمی گەورەو منداڵە
سرنج بدە پیاوو ژن — هالنە شادێی بێ بن
رەشبەڵەکێکی جوانە — بەزمی ژنو پیاوانە
هەڵسە با بڕۆین ئێمەش — شادی بگرینە باوەش
با ماوەێی دەس بگرین — بە کامی دڵ هەڵپەڕین
کچ: تا نەمبێ چەپکێ نێرگز — بیدەم لە یەخەم هەرگز،
نایێم بە خوا بۆ شایی — تۆ بڕۆ بە تەنیایی

# فریشتەی ئارەزوو



ئەی فریشتەی ئاواتی من
باڵ بگرەوە بە بێ رامان
ئێرە جێی تۆ نیە هەستە
هەر چی ئەڵێم مەبە پەرۆش
بفڕە بۆ شوێنێکی جووان
خۆت لە زەوی دەرکەو بڕۆ
تا تۆ بە هێز بی من ماوم

گوڵی هیوای بساتی من
بفڕە بفڕە بۆ ئاسمان
لە من ئەکەی رامەوەستە
هەڵسە بڕۆ بۆ شوێنێ خۆش
بۆ کەس مەبە دی چاوەڕوان
با وەک من نەبی رەنجەڕۆ
تۆم نەبێ من باڵشکاوم

* * *

ئەی فریشتەی ئاواتی من
باڵ بگرەوە بە بێ رامان
چونکە تۆ هاودەمی خۆری
دامەنیشە بفڕە بفڕە
باڵو پەڕت با رەش نەبێ
ئەتۆ نوێنگەی جوانیو شاییت
بەڵام جوانیو شایی ژیان

گوڵی هیوای بساتی من
بفڕە بفڕە بۆ ئاسمان
ئیتر بۆ کێ چاوەنۆری ؟
رێگەت بەرەو ئاسمان بڕە
لە جوانیدا بێبەش نەبێ
لە دڵاندا زۆر پڕ باییت
بۆت نامێنێ، وا رامگەیان

* * *

ئەی فریشتەی ئاواتی من
باڵ بگرەوە بە بێ رامان
دی بمێنی ئەتۆ دەمێ
ئەگەر بێتو روو کەیتە هەرد
ئەپژێتە بان پەڕەی دڵت
ئیتر ژینت هەر تاسەیە
جگە لە شەونمی زوخاو

گوڵی هیوای بساتی من
بفڕە بفڕە بۆ ئاسمان
ئەچیژی سەختیو ئاستەمێ
چەند دڵۆپی شەونمی دەرد
نەک دڵت ئەو پەڕەی گوڵت
پەروشیو دواهەناسەیە
شتێتر نابینی بە چاو

* * *

ئەی فریشتەی ئاواتی من
باڵ بگرەوە بە بێ رامان
چونکە گەردەلوولی ژیان
بە تاوێ ئەو دەریای خۆشی
بە شەپۆلێ ئەیبا وەک با
بڕۆ ئیتر بۆ ئاسمان
بڕۆ ئیتر بفڕە بفڕە

گوڵی هیوای بساتی من
بفڕە بفڕە بۆ ئاسمان
کاتێ هەڵکا لە بەربەیان ،
تێکەڵ ئەکا بە پەرۆشی
وەکوو شەو کە دێ رۆژ ئەبا
خۆت رزگارکە لە کەش زەمان
رێگەت بەرەو ئاسمان بڕە

# بەهار

باران نم نم لە کەژ بەهار
گیواو دەوەن بە جارێ گشت
باخ و گوڵزار پڕ بوو لە گوڵ
ڕێبەرانی کۆچی زستان
باریان پێچایەوە ئازا
قوڵنگ و قومری و بەت و چۆر
چۆلەکەی جوان لە پووشی یاڵ
پچەپچی وەنەوشەی پار
بە هیوای ڕاپەڕین لە ژین

کەوتە بیری پاکی ڕۆژیار
ئەسری شایی و خۆشی‌یان ڕشت
گوڵ کەوتە لەنجە بۆ بوڵبوڵ
کاتێ بەهاریان دی هەستان
هەموو ڕۆیین دەست بە نزا
ڕزیان بەست و چوونە بەر خۆر
کەوتە دانان هێلانەو ماڵ
لە ژێر ئاوی ڕوونی ڕووبار
کەوتە خەبات و تێکۆشین

# گوڵ و بوڵبوڵ

بەهار هات و گوڵ بە لەنجە
بۆنی خۆشی دا بە دەم با
با بۆی گوڵی بردە سەریاڵ
بوڵبوڵ فڕی بەرەو لای باخ
تا گەیشتە گوڵزاری جوان
گوڵ بوڵبوڵی دی کەوتە پاڵ
بوڵبوڵ زیز بوو هەڵسا فڕی
تا نیشتە سەر تاڤگەو کانی
شەماڵ کە دی بوڵبوڵ کزە
ڕۆیی بۆ لای بوڵبوڵ بە زار
بوڵبوڵ دیسان بە گیان و دڵ
گوڵیش کەوتە ئارایش خۆی
بەڵام بە هۆی کۆچی بەهار
بوڵبوڵیش دی ئاوارە بوو
چریکانی بۆ بەختی خۆی

پەرچەمی نایە سەرپەنجە
هەتاکوو بۆ بوڵبوڵی با
بوڵبوڵ کەوتە ناو گزوگاڵ
تێپەڕی بەسەر کێوو شاخ
بۆ بزەی گوڵ بوو چاوەڕوان
ڕووی داپۆشی بە پێچەی ئاڵ
گەلێ ڕێگەو بانی بڕی
بۆ گوڵ گەلێ چریکانی
هات و گوڵی خستە بزە
هێنایەوە بۆ ناو گوڵزار
چریکانی لە بەردەم گوڵ
چەند جار بزەی گرتەوە بۆی
گوڵیش ژاکاو نەما گوڵزار
لە ناو باخ و گوڵزار دەرچوو
بۆ ڕۆی نەهاتی سەختی خۆی



# جوانی یار

کەزیەت رەشە رەشتر لە شەو    دەنگت خۆشە وەک قاسپەی کەو
برۆت رەشە چاوت کاڵە    لێوت پەڕەی گوڵی ئاڵە



بەژنت بەرزە وەک دار چنار     مەمکت گردە وەکو هەنار
لەشی جوانت سپی و نەرمە     ڕەوتت وەک کۆتر بە شەرمە
"صدیق" دەروونی زامارە     بێ تۆ ژینی ژاری مارە

## ئازادی

بۆ باڵندەی ئازاد ئەگرن؟     بۆ لەبەرچی سەری ئەبڕن؟
بۆ ئەیخەنە ناوی توولە     بەندی ئەکەن نەیبێ جوولە
بە چ مافێ جوانکیلەی وا     نایێڵن بۆ ئاسمان بڕوا
نایێڵن بۆ لیڕو بێشە     بڕواو ببڕێ ڕێی بێ کێشە
ئەو دوور ئەخەن لە دەشتو شاخ     نایێڵن دی بڕوا بۆ باخ
مایەی ژینی لێ ئەدزن     شەرمێ ناکەن لە خوای مەزن
ئەو دوور ئەخەن لە هەورو با     وەکوو شەو کە دێ ڕۆژ ئەبا
بۆ لەبەرچی بەندی ئەکەن؟     لە بەندی ئەو بە چی ئەگەن؟
ئازادی کەن با ئازاد بێ     بەشکوو دڵی کەمێ شاد بی

* * *

ئەی مرۆ تۆ بۆچ لات وایە     خوێنی ئەو بۆ تۆ ڕەوایە
تۆ لای خوا لە مەل چاتر نیت     لەو کەمتر نەبیت زیاتر نیت
ئەگەر بچنی باڵو پەڕی     گوناهکارێکی بێ فەڕی
مەگەر بە بێ زۆرو ستەم     ناتوانی تۆ بژی یەکدەم
خۆ مەل گوناهێکی نیە     ئیدی ستەم لەبەر چیە
لە پڕ زانیت کە کەوتیە گیر     کەوتیە بەندو کۆتو زنجیر
چونکە ئاهی ئەو باڵندە     کار ئەکاتە دڵ هەر بەندە
دی لەبەر چی بەندی ئەکەن     لە بەندی ئەو بە چی ئەگەن
ئازادی کەن با ئازاد بێ     بەشکوو دڵی کەمێ شاد بێ

* * *

داو مەننەوە بۆ پەلەوەر     تا نەکەونە داوی داوەر
بۆ دڵی ئەو ئەکەن پەشێو     ئازادی کەن بۆ دەشتو کێو
کاتێ کە ئەو سرشت کرا     هەر بۆ فڕین دروست کرا
ئیتر بۆچی ئەیخەنە بێژ     بەندی ئەکەن بۆ زێوو زێڕ

کاتێ لە ئەو ستەم ئەکەن ‌ ‌ ‌ بە ئاستەمێ گەورە ئەگەن
چون هەر کەسێ ناڵە بکا ‌ ‌ ‌ خودا بە دادی ئەو ئەگا
رزگار ئەبێ بە ناوی خوا ‌ ‌ ‌ ئەفڕێ بەرەو دەشتو ئەڕوا
بۆ لەبەر چی بەندی ئەکەن ‌ ‌ ‌ لە بەندی ئەو بە چی ئەگەن
ئازادی کەن با ئازاد بێ ‌ ‌ ‌ بەشکوو دڵی کەمێ شاد بێ

* * *

بۆ خوا ئیدی مەکەن ستەم ‌ ‌ ‌ تا نەکەونە ناوی ئاستەم
قەفەز دروست مەکەن لە ژین ‌ ‌ ‌ دڵ باڵندە مەکەن برین
ئەوان ئازار مەدەن بێهۆ ‌ ‌ ‌ رێزیان بگرن بە شەوو ڕۆ
بلبل، تووتی، کۆترو کەو ‌ ‌ ‌ با ئازاد بن بە ڕۆژو شەو
قەفەزیان بۆ دروست مەکەن ‌ ‌ ‌ لە بەندی وان بە چی ئەگەن
بۆچی ئەوەندە بێبڕوان ‌ ‌ ‌ ئەوانیش خۆ دەستکردی خوان
لە جێی ئەوان خۆتان دانن ‌ ‌ ‌ تا ناڵەیان چاک بزانن
بێلن بەرەو ئاسمان بفڕن ‌ ‌ ‌ بە دڵ ڕێگەی خۆیان ببڕن
ئازادیان کەن با ئازاد بن ‌ ‌ ‌ بەشکوو بە دڵ کەمێ شاد بن

## دەردی دڵ

هەی دڵبەرەی نازک بەدەن ‌ ‌ ‌ لێوت شیرینە وەکو قەن
بە ماچێ دڵ دەرکە لە بەن ‌ ‌ ‌ خۆ کافرستانی نیە



بیماری تۆم نەخۆشی تۆم     تاکەی پەژارەت هەر بخۆم
پێم بڵێ من بۆ کوێ بڕۆم     خۆ کافرستانی نیە
وێڵ‌وێل ئەگەڕێم کۆ بە کۆ     دەردم گرانە رۆ بە رۆ
سا دەردی دڵ بپرسە تۆ     خۆ کافرستانی نیە
رووت‌و قووتی ئەوینی تۆم     بە هیوای ساتێ ژینی تۆم
پێکاوی تیری قینی تۆم     خۆ کافرستانی نیە
وەرە ترسێ بکە لە خوا     برینی دڵ بکە دەوا
دڵ لە هیچە لە دەست ئەڕوا     خۆ کافرستانی نیە

## رازی شەو

ئەوا شەو هات بۆ دڵی من     بۆ دڵەکەی بە کوڵی من
بۆ جەسەکەی سووتاوی من     بۆ گریانی تاوتاوی من
بۆ فرمێسکی خوێنینی من     بۆ هاوارو ناڵینی من
بۆ پەژارەو خەفەتی من     بۆ ئەندامی شەکەتی من
شەوێ سووتام تا تاریگەور     ئەمڕوانی‌یە ئاسمان‌و هەور
ئەسرم ئەڕژایە سەر گۆنام     نەمزانی من چی بوو گونام
کە وا ئەسووتێم‌و ئەگریم     تەنیاو بێ‌کەس وەها ئەژیم
لەپڕ پەپوولەیێ جووان     هاتە لام‌و کەوتە دووان
داوای رووناکیمی لێکرد     بزا بە روونیم چی بگرد
باڵ‌و پەڕی خۆی پێ‌سووتان     ئەندامی جوانکیلەی رووتان
بە جارێ خۆی بە من ناسان     سۆزێکی لە دڵم هەڵسان
کاتێ کە ئەو رامیگەیان     منیش سووتام تا دەم‌بەیان

## دڵی خەمگین

ئەوا تاریکی شەو هات بۆ جەستەم     تا زگارم کاو بمخاتە ئاستەم
خۆ ئاسمانیش وەک من بە بێ‌یار     سرنج ئەداتە چەرخی رۆژیار
تەنیا دانەیێک ئەستێرە دیارە     لە باوەشی ئەو وەک من بێ‌یارە
چەند ئەستێرەی‌تر دەرهاتن بە کۆ     لە بەین هەورێ ڕەش روونەو بوون لەنۆ
ئەی ئەستێرەکان بگەنە فریام     خۆ من بێ یارو هاودەم‌و تەنیام
وا مانگیش دیارە کەوتووەتە پەنا     خەریکە دەرچێ لە بەین هەورانا
ئەوا مانگ هەڵات کەوتە گەشت‌و گێڵ     بولبوڵ بناڵە تۆ بۆ مانگی وێڵ

چونکە تریفەی کاتێ پێت ئەگا
دەبچریکێنە هەتا ئەتوانی
قومری تۆش وەرە لە بەر ترفەی ئەو
با باڵو پەڕە جوانەکانی تۆ
دە گۆرانی یەکەت بڵێ زووکە زوو
ئەی چۆلەکەی جوان تۆش وەرە توخوا
هەربجوو کێنە رووەو باخو کێڵ
ئەی باڵندانی جووان و رەنگین
چونکە نەواتان بۆ دڵ شیرینە
بەرز ئەبێتەوە لە ئاسمانی روون
با چریکەتان بە ئاسمان بگا
بۆ منیش هەر دەم دوو گوێتان شل کەن
بزانن کە بۆ خۆشەویستەکەم
بە وێنەی ئێوە ئەچمە گەشت و گێڵ
ئەی باڵندانی باڵ جوان و رەنگین
بە وێنەی "صدێق" بچنە گەشت و گێڵ

ملە جوانەکەت بە تاو ماچ ئەکا
چونکە لە بەر مانگ نەخشین و جوانی
بە کوو کوو بڵێ گۆرانیێ بۆ شەو
ورشەی بێ لە بەر ترفەیا لە نۆ
با هەردەم بەرز بێ ناڵەت بە کوو کوو
بۆ هێلکەکانت بخوێنە نەوا
با جووکەت بگا بە گوێی مانگی وێڵ
وەرن بە دڵێ ناشادو خەمگین
راوەستن تاکوو پەڵکەزێڕینە
هەر بچریکێنن بە دڵێ زەبوون
تا زیندەوەریش شینتان بۆ بکا
ئەوسا لە سۆزی دەروونم ئەگەن
بە وێنەی ئێوە هەر شیوەن ئەکەم
هەر ئەناڵێنم رووەو مانگی وێڵ
بێن بچریکێنن بە دڵێ خەمگین
هەر بناڵێنن رووەو مانگی وێڵ

* * *

## دایک

کاتێ کە دایکم منی بوو لە ژین
شوان. لە بەردەم بێشکەکەی من دا
کاتێ ئەگریام ئەیزانی چیمە
دەردمی ئەزانی کە بۆچی ئەگریم
ماچمی ئەکردو ئەمیکردە خەو
لە لام دائەنیشت هەتاکوو تێر بم
بە کوردی لایە لایەی بۆم ئەکرد
ئەو دەستمی گرت و بردمیە رێوە

مەمکی نا دەمم دەم بە پێکەنین
بە رووی خۆشەوە شیری پێم ئەدا
دەردمی ئەزانی کە وا برسیمە
بە هەوری یەکەی فرمێسکی ئەسڕیم
ئارامی ئەکرد کە نەگریم بە شەو
ئەوسا ئەمیدوان کە قسە فێر بم
هەر وەکوو منال کایەی بۆم ئەکرد
هەتاکوو کەم کەم کەوتمە سەر پێوە

ده ئیتر ژینی من هەر هی ئەوە     گیانی شیرینی من هەر هی ئەوە
بوون‌و نەبوونی من هەر هی ئەوە     گشت هات‌و چوونی من هەر هی ئەوە



هەر خۆشم ئەوێ هەتاکوو ماوم     پێڵاوەکانی ئەنمە سەرچاوم
لە رێی بەخت ئەکەم گیانی شیرینم     چونکە هی ئەوە سەرمایەی ژینم

# کەشتی هۆبەتوو

## ڕێگا

زنجیرە کێوی سەخت و بێ نەوی
پڕ بانیە لە بەفر ئەم کێو بۆ ئەو کێو
جووکە و جریوەی مەلانی سەر کەژ
ئاوی جۆگەکان ئەڕوا هەر ئەڕوا
چۆمیش بە هاژەو بە گرمەو هاوار
کیسەڵ و ڕەقەو قەتێ و هەڵۆو داڵ
چرگ و کوڕکوڕ و پەپوو چۆڕەو قەل
ئاگری شووان لە دوورەو ئەگرێ
لە سەر ڕێگادا کانی و هەستێلە
ناو ڕێگا دەوی و بنجی گاومەیە
ئەڕۆی هەر ئەڕۆی تا ئەگەیتە باخ

پڕیە لە دار و بنچک و دەوی
کەو ئەقاسپێنێ نشێو بۆ نشێو
بەرز ئەبێتەوە دەنگیان لە سەر بەژ
مل نادا بە کەس هەتا پەنگ ئەخوا
تاڵی و شیرینی ئەداتە ڕێبوار
لەتەک یەک ئەڕۆن بۆ دەشت و بۆ یاڵ
ئەفڕن لە شیوو دەشت و کەژ و کەل
ڕانی لە دەشت و کەژ ئەلەوەڕێ
لاوی جووتیار لە دەشت و کێڵە
کارئاسک و مامز لە دەشت بێ پەیە
دی ڕزگار ئەبی لە کۆمەڵەی شاخ

## ناوباخ

کە ئەگەیتە باخ شنەی بای شەماڵ
لەرزە ئەخاتە دار چنار و پەڵک
کۆمەڵەی جووتیار داس و توول بە دەس
لەم ڕێ بۆ ئەو ڕێ ماندوو نەبێیە
باڵندان بەگەل دەفڕن و دەچن
لە دوورەو کاتێ ئەگەیتە ناو دێ
ماندوو نەبێیەو ڕێزو مەرحەبا

ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری بێ حاڵ
بۆ ئەوەی دیاری بدا دەستەی خەڵک
ئەڕژێنن ئارەق لەتر ئەدەن وەک مەس
مایەی ئارامی و ئەرکی سەرڕێیە
مرۆ ئەخەنە کەڵکەڵەی بێ بن
کۆمەڵەی منداڵ بەرەو پیریت دێ
تۆزیش هەڵئەسێ بە هۆی سروە با

## دێ

ئەچیتە بەرەو خانوێکی گەورە
هەندێ ماڵانی خاوەنی پارە
بڕێ خانووچکەیش کە یەک نهۆمە
مزگەوتیش لە دەور دار چنار و پەڵک
لە دەوری هەندێ خانووی پارەدار
هاژەی هەیاسەی ژنانی ناو دێ

قوتابخانەیەو لێت ئەدەن دەورە
بەرزەو دوو نهۆم لە دوورەو دیارە
هی هەژاران و پیاوانی کۆمە
دەرگای بەزەیە بۆ کۆ بوونی خەڵک
بەرزە چنار و هەموو چەشنە دار
دەنگی بۆ مێشک و هەر دوو گوێ ئەچێ

## ژینی ناوماڵ

لە ناو دەرگاوە ئەچیتە ناو ماڵ
دەس ماچ کردن‌و سەردانەوانە
نۆکەری کوێخا بە رەوشتی دێ
ئینجا پرس‌و جۆو ڕێز لە مێوانە
کاتێ ماڵ چۆڵ بوو ئەچیتە ناو جێ
کەم کەم دەس ئەگری بە باوەشی خەو

ئیتر گەرم ئەبێ پرسین‌و هەواڵ
ئەمە رەوشتی کۆنی کوردانە
بۆ فەرمان ئەبێ راوەستێ بە پێ
باسی جۆو گەنمە لە ئەو نێوانە
ئەپیسی بەیت‌و باوو چیرۆکێ
ئەنوی بە ئارام تا بەیان لە شەو

## شەو

دەمی خۆرئاوا کە خۆر زەرد ئەبێ
هەتاو لەترسی قاسپەقاسپی کەو
ئەوسا مانگ دەردێ بە تریفەی گەشی
ئەستێران یەک یەک ئەدرەوشێنەوە
لەگەڵ زەوی‌دا چاوشارکێ ئەکەن
لە سەر ماڵانی روخاوی ناو دێ
چروە چرو داران لە کاتی شەو دا
سەگ‌و تووتکی دەوری بەر ماڵان
ترس ئەخەنە نێودڵی ئاوایی
لە سەر بانی ئاش قاژو قەل‌و داڵ
هەموو مل ئەکەن بە باوەشی خەو

نزیکی کەژو دۆڵ‌و هەرد ئەبێ
ئەژوا تا کەم کەم دێتە رووداشەو
لا ئەبا پەردەی تاریکی‌و رەشی
لە بەین هەوران‌دا ئەگەشێنەوە
بەڵام چار نیە خۆ بە یەک ناگەن
هەر هۆهۆی کوندو حیلەی گوێن دێ
پیاو هەلئەسێنێ لە ناوی خەو دا
لە دوور ئەبینن گورگی سەر یاڵان
وانیش خەم ئەخۆن هەر بە خۆڕایی
مل شۆڕ ئەکەنەو رووەو هەردو یاڵ
ئەنون بە بێ‌ترس لە کۆدا بە شەو

## بەیان

لێڵی‌و تارپکی بەیان کە دەرکەوت
ئینجا مانگ کەم کەم ون ئەبێ لە چاو
کاروانکوژەش خۆ لە کەل دیارە
شنەی شەماڵیش ئەدا لە داران
بازەی بەرخان‌و قالە قال بزن

ئەبێ هەڵبسی‌و بچی بۆ مزگەوت
کەو ئەقاسپێنێ لە هەردو لە کاو
بۆ دەستەی کاروان وێنەی نەیارە
جوولە ئەخاتە پەلکو چناران
مرۆ ئەخاتە بیر خودای مەزن

## کانی

هەوەتوو پڕ لە کانیو چاوگەیە
بۆ هەرزەکاران وەکوو داوگەیە
لە بەردەم کانی چەند داری چنار
سێبەر ئەکا بۆ دەستەی هەرزەکار
جا ژنو کچی گۆزە لە سەر شان
ئەڕۆن بۆ کانی بە ڕەوتی جووان
ئێوارەش پۆلی لاوی کاکۆڵ قیت
سەرە ڕێ ئەگرن هەر بە زیتە زیت
هاڕەی کەمەرەی دەستەی کچو ژن
لاوان ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن

کتابخانه کانون بازنشستگان
آموزش و پرورش ...

## ژن

ژنی هەوەتووی چاوو برۆ ڕەش
ئەگریجەی خاوو نێوچەوانی گەش
بەدەنی سپیو واڵاو شلو نەرم
دێتە ڕێگەوە بە بزەو بە شەرم
جلی زەردو سوور ئەکاتە بەری
ئەڕازێنێتەو خۆی وەکوو پەری
گۆنای هەر وەکوو گوڵاڵەی بەهار
ئەدرەوشێتەوە بۆ دڵی زامدار
بە لارو لەنجە، بە غەمزەی چاوان
ناڵە ئەخاتە نێو دڵی لاوان

## گۆرانی

ئێوارە لاوان کە دێنەو لە یاڵ
گۆرانی ئەڵێن لە ڕێدا تا ماڵ
خۆر ئاوا ئەبێ لە ترس قاسپەی کەو
دەنگی گۆرانی دێتە گوێ لە شەو
هەتاو بەرەو شاخ کە ئاوا ئەبێ
ڕووناکی جیهان ئیتر لا ئەچێ
مانگیش لە ئاسۆ دێتە دەر لە نوێ
دەنگی گۆرانی هەر دێتە ناو گوێ
کەتان کەتانە، کەتان کەتانە
بەهەشتی عەرزە ئەم کوردستانە
چروە چرو دارو جریوەی مەلان
لەگەڵ قاسپە قاسپ کەوانی کەلان
تێکەڵ ئەبێتە کڵپەی گۆرانی
بە دڵ ئەبەخشێ کورتژمو جوانی
کەتان کەتانە، کەتان کەتانە
هەوەتوو جێگای چاوڕەش مەستانە

# سەرنج

**چاوەڕوانی ئەم پەراوانەی تری دانەر بن**

١ ــ دووبەیتی‌یەکانی بابەتایەری هەمەدانی .
٢ ــ کومەلە وتار
٣ ــ زەمبیل فرۆش (بە هۆنراو) .
٤ ــ مێژووی نەتەوەی کورد ــ لە کۆنەوە تا پەیدا بوونی ئیسلام .
٥ ــ مێژووی ویژەی کوردی (لە چەند بەرگدا) .
٦ ــ تەڵای دەستەوشار یا مێژووی بویژانی هەوشار .
٧ ــ پێشبینی‌یەکانی خان ئەڵماسی لوڕستانی .
٨ ــ شەماڵ‌و زەلان ــ بە هۆنراوو پەخشان .
٩ ــ صلاح‌الدینی ئەیووبی ، ڕۆڵەی نەمری کورد .
١٠ ــ کوردو نەورۆز .
١١ ــ فەرهەنگی بۆرەکەیی ــ لە کوردی‌یەوە بۆ کوردی (لە چەند بەرگدا)
١٢ ــ پەندی پێشینان .
١٣ ــ تەختی سلێمان یا ئاگرگای شیز (مێژوو) .
١٤ ــ ڕاپەڕینی کاوەی کورد (مێژوو) .
١٥ ــ وتەکانی زەڕدەشتی مادی (بە هۆنراو) .
١٦ ــ پیری دەریا (هۆنراو) .
١٧ ــ بەختەوەری (چیرۆک) .
١٨ ــ گۆرانی ( هۆنراو ) .
١٩ ــ هۆزی بۆرەکەیی .
٢٠ ــ دیوانی بۆرەکەیی .
٢١ ــ ناسینی ڕاستەقینەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام .
٢٢ ــ تحفة‌الانبیاء وبە هۆنراوی کوردی‌و عەرەبی ) .



# HIVÂ (Esperance)

Les Poésis

S. Borakaï (Safi . Zâdeh)

محل پخش وفروش درسنندج: مطبوعاتی بهار – خیابان طالقانی

تلفن پخش در تهران: ۶۴۱۴۱۷

بها [illegible] ریال